زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر

بابەتی/ پەروەردەی جوولە

بەش /باخچەی منداڵان - قۆناغی یەکەم

کولێژی پەروەردەی بنەڕەتی - زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر

د. ئامانج محمود محمدد

٢٠٢٣

وانەی: یەکەم

بەرێزان ئەم کاتەتان باش

تیگەیشتنەکان لە بواری پەروەردەی جوولە

مانای پەروەردە: ـ

ـــ پەروەردە یەکێکە لەفاکتەرەکانی پێش کەوتنی مرۆڤاییەتی + هەڵسانەوەی کۆمەڵگا لە ڕێگای گەشەسەندنی تاك و کۆ مەڵگا.

ـــ پەروەردە راستکردنەوەی رەفتاری مرۆڤایەتیە.

بە واتای پێش خستنی بەرفراوانی و یەك دەستی وتاکەکەسی لە پەری سنورەکانە لەلایەنەکانی جەستەیی ومێشکی و هەڵچوون و کۆمەلایەتی وە هەروەها گرنگی دەدات بە پەرپێدانی رەفتاری مرۆڤایەتی و پێش خستنی.

ـــ پەروەردە قۆناغی منداڵی دا دەنێت بە قۆناغی یەکلاکەرەوە. وە تێکەڵ بوون لەگەل دەوروبەر بۆ نموونە (خەڵك، شوێنەکان، رووداوەکان وزانیین و زانیارییەکان)

ماناى فێربوون :

پێش ئەوەى قسە بكەین لەسەر فیربوون پێویستە قسەبكەین لەسەر:-

ــ ئامادەكارى ــ تواناكان ــ كارامە جوولەییەكان

لەبەرئەوەى ئەم بارانە دەبێتە ئاستەنگى بۆ فێربوونى منداڵ.

پێناسەى فیربوون :-

١- فێربوون برییتیە لە گۆڕانكارى یان راستكردنەوە لە رەفتارى بوونەوەر یاخود زیندەوەر(كائن الحى).

٢- گۆڕانكارى رەفتاردەرئە نجامى وروژاندنە.

SUPERMAMA

* **مانای جوولە:** جوولە چالاکییە،وەشێوەیەکی بنچینەی ژیانە وڕێگایەکە بۆ دەربڕینی بیرکردنەوەو هەست و تێگەیشتنەکان بەتایبەتی تێگەیشتن لەخوود .

وجوولە هەژماردەکرێت بە کونترین شێوەکانی گەیاندن کە بەشداری لەلاینی سۆزی دەکات **لەلایەن مرۆڤە کۆنەکان جوولە بەکاردەهات بۆ :-**

١- خۆپاراستن لە گیانی خۆیان ودەوروبەرەکەیان .

٢- جوولەیان بەکاردەهێنا بۆ خۆشی وشادی بەسەر تێپەڕاندنی کات بەتایبەتی لەکاتی پشوو کە ڕۆڵی هەبوو لەنەمانی شلەژان و تورەبوون .

٣- جوولە ڕێگایەکە بۆ فێربوون وفێرکردن لە کۆ ن ئێستادا کە یارمەتی دەدان بۆ وەرگرتنی لایەنی تێگەیشتن و چارەسەرکردنی کێشەکان.

٤-مرۆڤ جوولەی بەکارهێناوە بۆ بە دەستهێنانی بژێوی ژیان کە هۆیەك بو بۆ پارێزگاری کردن بۆ بەردەوام بوونی ژیان.

* جوله یەکێکە لەرێگاکانی فیربوونی کۆن ونوێ وە منداڵ باش فێردەبێت ئەگەر هاتوو ژینگەیەکی تەندروستی هەبێت ، وە باخچەی ساوایان باشترین ژینگەیە بۆ ئەوەی منداڵ فێرە هەموو جۆرە جولەیەك بێت.

* جوڵەکانی مرۆڤ یان بازنەییە یان گواستنەوەییە یان راستەوراستە. وە دەبیت خێراییەکی جێگیر یان گۆراوی هەبێت وە چالاکییە جولەیی دەوڵەمەندە بە جوولەکان.

* چالاکی جولە یان یاری دادەنرێت بە چالاکی جێگیر لە ژیانی منداڵ پێش چوونە قوتابخانە، لە بەرئەوەی بەشدارە بەقەبارەیەکی زۆر لە یارمەتیدان بۆ گەشەسەندنی (مێشکی، دەروونی، جولەیی، کۆمەلایەتی، هەڵچوون).

کارامە (مهارە): بریتیە لە ئەنجامدانی کاریکی دیاری کراو بە توانایەکی بەرز ،کە جوولەکەی بە هونەرێکی بەرز پێشکەش دەکات .

کردار (الاداء) :بریتیە لەشێوەی روکەشی کرداری فێربوون ،یاخود بریتیە لە دەرئەنجامی کرداری فێربوون .

★ **مانای پەروەردەی جوله:** فێربون لەرێگەی جولەوە لێرەدا بازنەی فێربون فراوان دەبێت لە لایەنەکانی گەشەسەندنی تاك لە خۆ دەگرێت بۆیە جوڵە دەبێتە کەرەستەی ئەم بازنەیە بۆ بەدەست هێنانی ئامانجە دیاری کراوەکان. کەئەمیش بریتتیە لە لێهاتووی جەستەیی وجوڵەیی، گەشەی (مێشکی، کۆمەلایەتی، هەڵچوون).

پیناسەیەکی تری پەروەردەی جوله: پەروەردەی جوله هەژماردەکریت بە قۆناغێکی بنەرەتی سەرەکی بۆ فێربون وفێرکردنی کارامەیەکانی جولەی جەستەیی و تەندروستی وەبەشێکی سەرەکیە بۆ تەواوکردنی کرداری فێرکردن وپەروەردەکردن، هەرچەندە پەروەردەی جووله لە روانگەدا جەستەیی وجوولەییە بەلاّم ئامانجی گشتی پەرەپێدانی لایەنی هزری وکۆمەلایەتی وهەڵچوون.

جووله: ئەگەرلەشی مرۆڤ جوولەی کرد لە شوێنەکەی خۆی بۆ شوێنێکی تر یاخود بەشێك لە ئەندامی لەشی جوولەی کرد ناو دەبرێت بە جووله.

مەرجەکانی فێربوونی جووله:

١- بوونی پاڵنەر.

٢- بوونی مەشق وئەنجامدان.

٣- بوونی پێوانەیەکی باش لە پێگەیشتنی جەستەیی و عەقلی وهەڵچوون.

ئەو هۆکارانەی کار دەکەنە سەر جووڵە :

١- بنەما وەزیفیەکانی لەش.

٢- هۆکارە دەروونییەکان.

٣- هۆکارە کۆمەڵایەتی وە وروبەرەکان.

٤- بۆماوەییەکان.

٥- نەخۆشیەکان.

ئاماڕنجەکانی پەروەردەی جوولە :

١- پەروەردەکردنی منداڵ لەرووی جوولەکردن و لەش ڕێکی.

٢- هەست کردنی منداڵ بە خۆشی وگەیشتنی بە ئارەزووەکانی لە کاتی ئەنجامدانی کاری جوولەییدا(تێرکردنی حەزوو ئارەزوەکانی منداڵ).

٣- بەهێزکردنی ماسوولکەیی منداڵ لەڕێگای جوولەکردنەوە.

٤- گەشە پێکردنی هەستەوەرەکانی منداڵ.

٥- پەرەپێدان و بەهێزکردنی توانستە عەقلیەکان وەك (یارییەکانی بیروهۆش،زمانەوانیەکان، بەراوردکردن، یادکردنەوە، زانیین).

٦- پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکانی نێوان منداڵان، وە ڕزگارکردنیان لە تەنیایی و گۆشەگیری وخۆپەرەستی لەڕێگای بەشداریکردنیان لە چالاکیەکان و یارییە جوولەییەکان.

٧- شارەزایی بوونی منداڵ لە دان بەخۆگرتن لە کاتی ڕکابەری لەگەڵ کەسانی تر.

٨- تێگەیاندنی منداڵ بەگرینگی خواردەمەنی باش لە پێناو تەندروستیەکی باش.

٩- یارمەتی منداڵ دەدات بۆ زانینی ئەوەی کە چۆن جەستە کار بکات.

ئەم شێوەیە پەیوەندی نێوان لایەنەکانی گەشەسەندنی منداڵ بە بەکارهێنانی شێوازی پەروەردەی جولەیی لە فێربونی جولە روون دەکاتەوە:-

نشاط

- چۆن چارەسەری کەمی یان زۆری جوولەی مندال دەکەیت؟

هەفتەی بێت

یارییە بچوکەکان

لایەنە باشیەکانی یارییە بچوکەکان

گرینگی یارییە بچوکەکان

ئاما نجەکانی یارییە بچوکەکان

Many thanks for your attention

سوپاس بۆ گوێگرتنتان